المختصر في صفة الحج (للجمعية)

# پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج

# پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

پاشان:

ئەمە ناميلكەيەكی پوختە سەبارەت بە سيفەت وچۆنيەتی ئەنجامدانی حەج، وبەپەرۆش بووين لەسەر ڕوونكردنەوەی زۆرينەی ئەو شتانەی كەسی حاجی پێويستييەتی.

داواكارين لە خوای گەورە بە دڵسۆزی لە پێناو زاتی پيرۆزی ئەو بێت، وهەموو مسوڵمانان سوودی لێ ببينن.

ليژنەی زانستی لە (كۆڕگەی خزمەتگوزاری بڵاوكراوە ئيسلاميەكان بە زمانەكانی جيهان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات)

## ڕێخۆش كاری

### يەكەم: مەرجەكانی قبوڵبوونی پەرستن

پەرستن لە لای خوای گەورە -سبحانه وتعالى- قبوڵ نابێت مەگەر بە دوو مەرج نەبێت:

ئیخلاس ودڵسۆزی، مەبەست لەو کردەوەیە ڕەزامەندی اللە وبەدەست هێنانی قیامەت بێت، خوای گەورە دەفەرموێت:
﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ...﴾"،
﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ[1]﴾ واتە: ﴿(لەگەڵ ئەوەشدا) کە فەرمانیان پێ نەدرا بوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بە دڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن وخۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خوارو خێچ﴾، [البينة: 5].
وپێغەمبەر -صلى اللە عليه وسلم- دەفەرموێت:
«إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى».
«هەموو کاروکردەوەیەک بە نیەتە، وە هەموو کەسێکیش بە پێی ئەو نیەتەی هەیەتی پاداشت دەدرێتەوە»[2]
شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى اللە عليه وسلم- لە پەرستشدا بە قسە وکردەوە، پێغەمبەر -صلى اللە عليه وسلم- دەفەرموێت:
«مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ».

---

1 واتا: گەڕانەوە بۆ لای ئەو وپەرستنی، وپشتکردن لە جگە لە ئەو. (تفسير السعدي؛ ل:538)
2 (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1907).

«ئەوەی کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە ڕەت دەکرێتەوە»[1] [رواه البخاري (2697) ومسلم (1718)]، وله گێڕانەوەیەکی (مسلم: 1718)دا هاتووە:
«مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ».
«هەرکەسێک کردەوەیەک بکات کە لە دینی ئێمە نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە وەرناگیرێت وڕەت دەکرێتەوە»[2]
***

## یەکەم: حوکمەکانی میقاتەکان

میقاتەکان: ئەو شوێنانەن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیاری کردوون بۆئەوەی ئەو کەسەی دەیەوێت حەج یان عومرە ئەنجام بدات نیەتی ئیحرامی تێدا بهێنێت .

ئەوەی بەهەریەکێک لەو میقاتانەدا تێپەڕ دەبێت ونیەتی حەج یان عومرە هەبێت: ئەوا واجبە لەوێوە جلەکانی ئیحرام بپۆشێت، ورێگەپێدراو نیە ئەو شوێنە تێبپەڕێنێت بە بێ ئیحرام بەستن.

1 (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2967)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1718).
2 (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1718).

وهەرکەسێك شوێنی نیشتەجێبوونی نزیکتر بێت لە مەککە بە بەراورد لەگەڵ میقاتەکان: ئەوا شوێنی خۆی میقاتیەتی؛ وهەر لەوێوە ئیحرام دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە.

هەرکەسێك لە خەڵکی مەککە وئەوانەی لەوێ نیشتەجێن؛ بۆ ئەنجامدانی حەج لە ناو شاری مەککەوە ئیحرام دەبەستن، بەڵام بۆ ئەنجامدانی عومرە: دەردەچن بۆ نزیکترین حیل* ولەوێوە ئیحرام دەبەستن، وەکو تەنعیم وشوێنەکانی تر. *(حیل واتا: هەر شوێنێك کە دەرەوەی سنووری حەرەمی مەککەی پیرۆز بێت).

وئەوەی لە نێو فڕۆکەدا بێت: نیەتی ئیحرام دەهێنێت ئەگەر بە ئاستی میقات تێپەڕ بێت، لەکاتێکدا خۆی ئامادە دەکات وجلەکانی ئیحرام دەپۆشێت لە پێش گەیشتن بە ئاستی میقات، ئەگەر گەیشت بە ئاستی میقات دەستبەجێ نیەت دەهێنێت، ونابێت نیەت هێنان دوا بخات هەتاوەکو لە فڕۆکەخانە دادەبەزێت، ودەتوانێت لەپێش گەیشتنە ئاستی میقات نییەت بهێنێت؛ نەوەك بەهۆی خێرایی فڕۆکەکە نەتوانێت لە شوێنی دیاریکراوەوە دەست بکات بە نییەت هێنان

## دووەم: جۆرەکانی نیەت هێنان بۆ حەج، وحوکمەکانیان:

سێ جۆر نییەتی حەج هەیە: تەمەتوع، وئیفراد، وقیران.

تەمەتوع باشترە بۆ ئەو کەسەی ئاژەڵی هەدی لەگەڵ خۆی نەبردووە، تەمەتوع بریتیە لە: ئەنجامدانی عومرە لە مانگەکانی حەجدا، وتەواف وسەعی دەکات ولە ئیحرامەکەی دەردەچێت، پاشان ئیحرام دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج هەر لەو ساڵەدا.

ئیفراد -موفرید-: ئەوەیە بە تەنها حەج ئەنجام بدات، کاتێك دەگاتە مەککە سوننەتە تەوافی هاتن ئەنجام بدات پاشان سەفا ومەڕوە ئەنجامدەدات بۆ حەجەکەی، پاشان قژی دەست کاری ناکات وچاکی ناکات، ولە ئیحرامەکەی دەرناچێت ولای نابات، بەڵکو بە موحریمی* دەمێنێتەوە هەتاوەکو کۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت لە پاش هاویشتنی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە) لە ڕۆژی جەژندا.

*(موحریم: واتا ئەو کەسەی نیەتی هێناوە بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە ولە نێو ڕێوڕەسمەکانیاندایە).

قیران -قارین-: ئەوەیە ئیحرام دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە پێکەوە، ودەڵێت: (لبيك اللهم عمرة وحجاً) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازەکەی تۆم دایەوە حەج وعومرە پێکەوە ئەنجامدەدەم).

کردەوەی قارین وەکو کردەوەی موفرید وایە، بەڵام قارین سەربڕینی لەسەرە، وموفرید سەربڕینی لەسەر نییە.

### سێیەم: سیفەت وچۆنیەتی ئیحرام وحوکمەکانی:

ئەو کەسەی دەیەوێت ئیحرام ببەستێت؛ ئەم شتانە ڕێگەپێدراوە بۆی:

خۆشۆردن، ئەمیش سوننەتێکە جەختی لەسەر کراوەتەوە دەرهەق بە پیاوان وئافرەتان تەنانەت بۆ ئەو ئافرەتانەش کە لە سوڕی مانگانەدان یان لە کاتی زەیستانیدان.

خۆ بۆن خۆش کردن بەوەی لەبەردەستە جا بۆنی عود یان هەر بۆنێکی تربێت دەیدات لە سەر وڕیشی، وە ئەگەر بۆن یان شوێنەواری بمێنێتەوە بەسەر لاشەوە تا دووای ئیحرام بەستن زەرەری نیە، وسەبارەت بە ئافرەت؛ ڕێگەپێدراو نییە بۆنێك لە خۆی بدات کە بڵاو دەبێتەوە وبۆنی بچێت بەسەر کەسانی نامەحرەمدا.

پۆشینی جلەکانی ئیحرام، ئەمیش بریتیە لە دوو پارچە پۆشاک بۆ بەشی سەرەوە وبەشی خوارەوەی لاشە، وسوننەت وایە سپی وپاك ونوێ بن، وە ئافرەت دەتوانێت هەموو جلێك بپۆشێت بەمەرجێک پۆشاکی ڕازاوە ودەرخەری جوانی نەبێت، وخۆی بە دوور دەگرێت لە

پۆشینی نیقاب ودەستکێش، ودەم وچاو ودەستەکانی دەپۆشێت بە جگە لەمانە لە کاتی پێویستیدا.

ئیحرام بەستن لە پاش نوێژەوە سوننەتە، جا نوێژی فەرز یان سوننەت بێت، وبەستنی ئیحرام لەدووای نوێژ واجب نیە.

دەڵێت: (لبيك اللهم عمرة) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازیەکی تۆم دایەوە وعومرە ئەنجام دەدەم)؛ ئەگەر عومرەکار بێت، یان (لبيك اللهم حجاً) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازیەکی تۆم دایەوە وحەج ئەنجام دەدەم)؛ ئەگەر موفرید بێت، یان (لبيك اللهم عمرة وحجاً) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازیەکی تۆم دایەوە وعومرە وحەج ئەنجام دەدەم)؛ ئەگەر قارین بێت.

وئەوکەسەی دەیەوێت ئیحرام ببەستێت دەترسێت لەوەی بەربەستێك بێتە پێشی ونەتوانێت کارەکانی تەواو بکات؛ ئەوا دەبێت لە کاتی ئیحرام بەستندا مەرج دابنێت وبڵێت: (... وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني) واتە: (... وئەگەر شتێك بووە بەربەست وڕێگر -ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەم دەهێنم- لەو شوێنەی ڕێگرت هێناوەتە ڕێم)، ئەگەر مەرج دابنێت وشتێکی ڕێگر بێتە پێشی لە تەواوکردنی کارەکانی ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت وهیچ شتێکی لەسەر نییە.

پاشان زۆر تەلبیە دەکات: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك) واتە:

(خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس ومولْکێک تەنها هەر بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە)؛ پیاوان دەنگیان بەرز دەکەنەوە لە کاتی ووتنی، هەروەها ئافرەتانیش؛ بە مەرجێك پیاوی نامەحرەم ئامادە نەبێت، پێویستە موحریم* زۆر تەلبیە بکات بە تایبەت لە کاتی گۆڕینی حاڵ وکاتەکان وەکو لە کاتی بەرزبوونەوە یان دابەزین بۆ شوێنێك، وە لە کاتی هاتنی شەو یان ڕۆژ. *(موحریم: واتا ئەو کەسەی نیەت دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە).[1]

---

1 کاتێك مرۆڤ دەڵێت: (لبيك) واتا وەڵامی تۆم دایەوە ئەی پەروەردگار، جار لە دووای جار، واتە: جوابدانەوەی مرۆڤ بۆ پەروەردگاری ودامەزراوی لەسەر گوێڕایەڵیکردنی. (إن الحمد والنعمة لك والملك)؛ -الحمد: وەسفکردنی زاتی ستایشکراوە بەوەی کاملە لەگەڵ خۆشەویستی و بەمەزندانان، ئەگەر دووبارە بکرێتەوە دەبێتە ستایشکردن، -النعمة: نیعمەت-: ئەمیش بریتیە لە فەزڵی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە لە بەدەستهێنانی داواکراو ودوورخستنەوەی ناخۆشی، وکاتێك دەفەرموێت: (والملك)؛ واتا موڵك ودەسەڵات، خوای گەورە -تبارك وتعالى- بە تەنها خۆی خاوەن ومولْکداری هەموو شتێکە، وکاتێك دەفەرموێت: (لا شريك لك)؛ واتا هیچ یەکێك هاوبەشی خوای گەورە نییە -سبحانە وتعالى- لەو شتانەی تایبەتن بە

تەلبیە کردن سوننەتە لە عومردا لە کاتی ئیحرام بەستنەوە هەتاوەکو دەستدەکات بە تەواف، ولە حەجیشدا سوننەتە لە کاتی ئیحرام بەستنەوە هەتاوەکو دەستدەکات بە هاویشتنی بەردەکان لە (جەمرە عەقەبە) لە ڕۆژی جەژنی قوربان‌دا.

واجبە لەسەر موحریم بەئاگا بێت سەبارەت بە تووشبوون بە شتێك لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام هەتاوەکو کۆتایی دەهێنێت بە ئیحرامەکەی.

## *چوارەم: قەدەغەکراوەکانی ئیحرام*

قەدەغەکراوەکانی ئیحرام ئەم شتانەن:

تاشینی موو یان کورتکردنەوەی یان هەڵکەندنی، لە هەرشوێنێکی لاشە.

لابردن وچاکردنی نینۆکەکانی دەست وپێیەکان هەموویان یان هەندێکیان.

داپۆشینی سەر بە شتێك پێیەوە بنووسێت، وەکو: کڵاو ولەچک جامانە وعەمامە، یان داپۆشینی بە جلێك یان دەسماڵ یان بەتانی یان کارتۆن یان هەرشتێکی ترکە مەبەستی

---

الله لە سیفەتە کامڵەکانی لەوانەیش تاکبوونی لە موڵك ودەسەڵات وخوڵقاندن وبەڕێوەبردن وخودایەتیدا -پەرستراوێتیدا-. [مجموع فتاوی ورسائل العثیمین (22/ 96)؛ بە پوختی].

لێی داپۆشینی سەر بێت، وئەمە تایبەتە بە پیاوان وئافرەتان ناگرێتەوە.

پۆشینی جلی ئاسایی کە بە پێی ئەندامەکانی لاشە دووراوە بە شێوەیەی ئاسایی خۆی، وەکو: جزداشە، وشەرواڵ، وکراس، وگۆرەوییەکان ودەستکێشەکان، ئەمانە تایبەتن بە پیاوان، وئافرەتان ناگرێتەوە، ئافرەتان نەهیان لێکراوە لە:

پۆشینی نیقاب وبورقوع، (بورقوع: وەکو نیقاب وایە وچاوەکان بەدەرەوەن)، یان ڕوو پۆشێك وەك نیقاب وابێت، و واجبە ڕووی بپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوی نامەحرەم بە پارچە قوماشێکی ئاسایی کە ڕووی دەشارێتەوە؛ ئەگەرچیش ئەم پارچە قوماشە بەر ڕووی بکەوێت، ورێگەپێدراو نییە سەرپێچ -یان شتێکی هاوشێوە- لەسەری بپۆشێت بۆئەوەی پارچە قوماشەکە بەر ڕووی نەکەوێت؛ و هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەم کارە.

دەستکێش لە دەست کردن، و واجبە دەستەکانی داببپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوی نامەحرەم بە عاباکەی.

خۆ بۆن خۆش کردن لە دوای ئیحرام پۆشین، جا بەکارهێنانی بۆن بۆ لاشە بێت یان بۆ پۆشاکی ئیحرام.

کوشتنی نێچیری وشکانی، یان ڕاوکردنی ئەگەرچیش نەیکوژێت.

پێشنیارکردنی هاوسەرگیری بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر.
گرێبەستی هاوسەرگیری.
چێژ وەرگرتن لە هاوسەر؛ وەك ماچ کردن، وبەرکەوتن بە شەهوەت وئارەزووەوە.
سەرجێی کردن لە شوێنی منداڵ بونەوە
***

## پێنجەم: سیفەت وچۆنیەتی تەواف کردن

سوننەتە ئەوکەسەی لە ئیحرامدایە لەکاتی چونە ناو مزگەوتی حەرام پێی ڕاستی پێش بخات ونزای چوونە نێو مزگەوت بخوێنێت، و سەحیحترین گێڕانەوە سەبارەت بەم بابەتە ئەم دۆعایەیە: (اللهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە: خوایە دەرگای ڕەحمەتت لەسەرم بکەیتەوە.

ئەم نزایە دەڵێت لەکاتی چوونە نێو هەر مزگەوتێك، وتایبەت نییە بە مزگەوتی حەرام.

ئەگەر بیەوێت تەواف دەستپێبکات ئەوا چیتر تەلبیە ناڵێت و(ئیزتیباع) دەکات، وچۆنیەتی ئیزتیباع: بریتیە لە دەرخستنی شانی ڕاست لەکاتی تەوافدا، ئەویش بەو شێوازەی کە ئیحرامی بەشی سەرەوە دەخاتە بن باڵی ڕاستی وهەردوو سەرەکەی دەدات بەسەر شانی چەپیدا، ولەدوای تەوابونی

تەواف شانی ڕاستی دادەپۆشێت؛ چونکە ئیزتیباع تەنها لە کاتی تەوافدا دەکرێت.

پاشان دەڕوات بەرەو لای بەردە ڕەشەکە وبە دەستی ڕاستی دەستی لێدەدات وماچی دەکات، ئەگەر ماچکردنی ئاسان نەبوو تەنها دەستی لێدەدات، وئەگەر دەست لێدان ئاسان نەبوو بەشتێکی بۆڕادەکێشێت وەکو گۆچانێك وهاوشێوەی وماچی دەکات، ئەگەر ئەمەش ئاسان نەبوو ئەوا ڕوو دەکاتە بەردە ڕەشەکە وبە دەستی ئیشارەتی بۆ دەکات ولەم کاتەدا دەستی ماچ ناکات، وباشتر وایە نەچێتە نێو قەرەباڵەغیەوە بۆئەوەی خەڵکی ئازار نەدات وخەڵکیش ئەو ئازار نەدەن.

ولە کاتی دەست دان لە بەردەکە یان ئیشارەت کردن بۆی دەڵێت: (الله أكبر).

پاشان بەلای ڕاستدا دەست دەکات بە تەواف بەشێوازێک کەعبە دەکەوێتە لای چەپی، وکاتێك دەگاتە (ڕوکنی یەمانی) دەستی لێدەدات بە بێ ماچکردن، ئەگەر ئاسان نەبوو خۆی تووشی قەرەباڵەغی ناکات، وئیشارەتی بۆ ناکات.

ولە نێوان (ڕوکنی یەمانی) وبەردە ڕەشەکە دەڵێت: (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) واتە: (پەروەردگار لە دونیادا چاکەمان پێ ببەخشە و لە دوا ڕۆژدا چاکەمان پێ ببەخشە ولە سزای ئاگر بمانپارێزە).

وهەركاتێك لە كاتی تەوافدا گەیشتە ڕێكی بەردە ڕەشەكە بە دەست ئیشارەتی بۆ دەكات ودەڵێت: (الله أكبر).

ولە كاتی تەوافدا ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیڵێت لە زیكر ونزا دۆعا وخوێندنەوەی قورئان.

سوانەت وایە تەنها لە سێ تەوافی یەكەمدا رەمل بكات، رەمل: بریتیە لە خێرا ڕۆیشتن لەگەڵ نزیككردنەوەی هەنگاوەكان، وچوار تەوافەكەی كۆتایی رەملیان تێدا نییە، و بە شێوەیەكی ئاسایی ڕێدەكات.

ئەگەر تەوافەكەی تەواو كرد بەرەو (مەقامی ئیبراهیم) دەڕوات، وئەم ئایەتە دەخوێنێت: (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى) واتە: (كەواتە مەقام وشوێنی ئیبراهیم بكەن بە جێگای نوێژی خۆتان)، پاشان دوو ڕكات نوێژ ئەنجامدەدات لە پشت مەقامەوە ئەگەر ئاسان بوو، ئەگەر نا دەتوانێت لە هەرشوێنێكی مزگەوتەكە ئەنجامیان بدات، لە ڕكاتی یەكەم لە پاش خوێندنی سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الكافرون- دەخوێنێت: (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ..)، ولە ڕكاتی دووەم لە پاش سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الإخلاص- دەخوێنێت: (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ...).

﴿...وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلّٗى...﴾،

﴿...ئەی ئیمانداران لەلای مەقامی ئیبراهیم دوڕكاتی تەواف ئەنجامبدەن...﴾، [البقرة: 125] پاشان دوو ڕكات نوێژ

ئەنجامدەدات لە پشت مەقامەوە ئەگەر دەرفەت هەبو، ئەگەر نا دەتوانێت لە هەرشوێنێکی مزگەوتەکە ئەنجامیان بدات، لە ڕکاتی یەکەم لە پاش خوێندنی سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الكافرون- دەخوێنێت:

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ﴾

﴿قُلْ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْكَٰفِرُونَ...﴾ [الكافرون: 1] ولە ڕکاتی دووەم لە پاش سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الإخلاص- دەخوێنێت:

﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾.

﴿قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ...﴾. [الإخلاص: 1]

## شەشەم: چۆنیەتی وسیفەتی سەفا ومەڕوە کردن.

ئەگەر تەواف ودوو ڕکاتەکەی تەواو کرد دەردەچێت بەرەو مەسعا -شوێنی سەفا ومەڕوە-، کاتێك نزیك دەبێتەوە لە سەفا ئەم ئایەتە دەخوێنێت: (إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِنْ شَعَائِرِ اللَّه) واتە: (بەڕاستی صەفا و مەروە لەدروشمەکانی (دینی) خوان)، پاشان دەڵێت: (لەوێوە دەستپێدەکەم کە خودا دەستیپێکردووە).

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ...﴾

﴿بەڕاستی سەفا و مەروە لەدروشمەکانی دینی خودان...﴾

پاشان دەڵێت:

«أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللّٰهُ بِهِ».

«لەوێوە دەستپێدەکەم کە خودا دەستپێکردووە»[1].

پاشان دەچێتە سەر سەفا بەشێوازێک بتوانێت کەعبە ببینێت یان ڕوو دەکاتە ئاراستەی کەعبە، وزیکری تەوحید وتەکبیر دەکات ودەڵێت: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده)*؛ سێ جار دووبارەی دەکاتەوە ولە نێوانیان دەتوانێت دۆعا بکات، *(هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللّٰه، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره، هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللّٰه وتاك وتەنهایە، پەیمانەکەی جێبەجێ کرد، وبەندەکانی سەرخست، وبە تەنها خۆی شکستی هێنا بە کۆمەڵی کافران).

«لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ»، ثُمَّ دَعَا بَيْنَ ذَلِكَ. قَالَ مِثْلَ هَذَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ.

---

[1] (موسليم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1218).

«لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللّٰهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ»*؛ سێ جار ئەم زیکرەی دووبارە دەکردەوە[1]، ولە نێوانیان نزای دەکرد. *(واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللّٰه، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره، هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللّٰه وتاك وتەنهایە، پەیمانەکەی جێبەجێ کرد، وبەندەکەی سەرخست، وبە تەنها خۆی شکستی هێنا بە کۆمەڵە هاوپەیمانەکان).

پاشان لە سەفا دادەبەزێت وبەرەو مەروە دەڕوات، وکاتێك دەگاتە نیشانە سەوزەکە-لای گڵۆپە سەوزەکان- بە خێرایی ڕێ دەکات تا گڵۆپە سەوزەکان تێ دەپەڕێنێت، ولەدوای گڵۆپە سەوزەکانەوە بە ئاسایی ڕێ دەکات، و ئەم خێرا ڕێ کردنە بۆ ئافرەتان ڕێگەپێدراو نییە.

ئەگەر بگاتە مەڕوە ڕێگەپێدراوە ئەو شتانەی لەسەر سەفا ئەنجامیدا لێرەیش دووبارەی بکاتەوە (سەیری بڕگەی ژمارە 2 بکە).

---

[1] (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1218).

پاشان له مەڕوە دادەبەزێت وبە ڕۆیشتن بەرەو سەفا دەڕوات، وکاتێك دەگاتە نیشانە سەوزەکە -گڵۆپە سەوزەکان- بە خێرایی ڕێ دەکات، لەدووای گڵۆپە سەوزەکەوە بە ئاسایی ڕێ دەکات.

بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت هەتاوەکو حەوت جار تەواو دەکات، لە سەفاوە بۆ مەروە بە یەك جار حیساب دەکرێت، وگەڕانەوەی لە مەروە بۆ سەفا بە جارێکی تر حیساب دەکات.

ولە کاتی سەفا ومەڕوەدا ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیڵێت لە زیکر ودۆعا وخوێندنەوەی قورئان.

حەوتەم: سیفەت وچۆنیەتی قژ تاشین وکورتکردنەوەی

ئەگەر عومرەکار تەواف وسەفا ومەڕوە تەواو بکات واجبە قژی بتاشێت یان کورتی بکاتەوە: بۆ پیاوان سوننەتە قژ تاشین یان کورتکردنەوەی بەشێوازێک هەموو بەشەکانی سەر بگرێتەوە.

وقژ تاشین باشترە لە کورتکردنەوەی، مەگەر کاتی حەج نزیك بێت بەشێوەیەك ماوەی زۆر نەبێت بۆ دووبارە هاتنەوەی مووی سەر؛ لەم حاڵەتەدا باشتر وایە قژی کورت بکاتەوە.

سەبارەت بە ئافرەت لێوارەکانی قژی کورت دەکاتەوە هێندەی سەرەپەنجەیەك.

بەڵام ئەوەی موحریمە بۆ ئەنجامدانی حەج بە موفریدی یان بە قارینی ئەوا دەست لە قژی نادات هەتاوەکو ڕۆژی جەژن لە پاش هاویشتنی بەردەکانی (جەمرەتی عەقەبە).

بەم شێوەیە عومرەکار عومرەکەی تەواو کردووە، هەروەها حاجی موتەمەتیعیش کارەکانی عومرەی تەواو کردووە.

## سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج

### *یەکەم: ئیحرام بۆ ئەنجامدانی حەج:*

ئەو کەسەی دەیەوێت حەج بکات؛ سوننەتە لە چێشتەنگاوی ڕۆژی تەڕویە ئیحرام ببەستێت، ڕۆژی تەڕویە: ڕۆژی هەشتەمە لە مانگی -ذي الحجة-، وئیحرام بەستنی لە شوێنی خۆیەوە دەبێت ئەگەر دانیشتوی شاری مککە بێت، یان دانیشتوی نزیک مەککە بێت بەشێوازێک یەکێک لە میقاتەکان لە بەینی ئەو ومەککەدا نەبێت، خۆ ئەگەر یەکێک لە میقاتەکان لە نێوان ئەو ومەککەدابێت ئەوا لە میقاتەوە ئیحرام دەبەستێت.

لە کاتی ئیحرام بەستنی بۆ ئەنجامدانی حەج هەموو ئەو شتانە جێبەجێ دەکات کە لە کاتی ئیحرام بەستنی بۆ ئەنجامدانی عومرە جێبەجێی کردووە؛ وەك خۆشۆردن وخۆ بۆن خۆش کردن ونوێژکردن، نیەتی ئیحرام دەهێنێت بۆ ئەنجامدانی حەج وتەلبیە دەڵێت، وچۆنیەتی ووتنی تەلبیە لە حەجدا

وەك چۆنیەتی ووتنیەتی لە کاتی ئەنجامدانی عومرە؛ جگە لەوە نەبێت کە دەڵێت: (لبيك اللهم حجاً) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازیەکەی تۆم دایەوە وحەج ئەنجام دەدەم) لە جیاتی ووتنی: (لبيك اللهم عمرة) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازیەکەی تۆم دایەوە وعومرە ئەنجام دەدەم).

وئەگەر بترسێت لەوەی بەربەستێك بێتە پێشی ونەتوانێت کارەکانی حەج تەواو بکات؛ ئەوا ڕێگەپێدراوە لە کاتی ئیحرام بەستندا مەرج دابنێت وبڵێت: (... وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني) واتە: (... وئەگەر شتێك منی وەستاند -ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەم دەهێنم- لەو شوێنەی بەربەستت هێناوەتە ڕێم)، ئەگەر مەرج دابنێت وڕێگر بێتە پێشی لە تەواوکردنی ڕێوڕەسمەکانی ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت وهیچ شتێکی لەسەر نییە.

پاشان زۆر تەلبیە دەڵێت: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك) واتە: (خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس وموڵکێک تەنها بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە)؛ پیاوان دەنگیان بەرز دەکەنەوە لە کاتی ووتنی، هەروەها ئافرەتانیش؛ بە مەرجێك پیاوی نامەحرەمی

لێ نەبێت، پێویستە موحریم* زۆر تەلبیە بڵێت بە تایبەت لە کاتی گۆڕینی حاڵ وکاتەکان وەك لە کاتی بەرزبوونەوە یان دابەزین بۆ شوێنێك، یان لە کاتی هاتنی شەو ورۆژدا.

تەلبیە کردن سوننەتە لە کاتی ئیحرام بەستنەوە هەتاوەکو دەستدەکات بە هاویشتنی بەردەکان لە جەمرەی عەقەبە لە ڕۆژی جەژندا.

واجبە لەسەر ئەوکەسەی لە ئیحرامدایە بەئاگا بێت سەبارەت بە تووشبوون بە شتێك لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام هەتاوەکو کۆتایی دەهێنێت بە ئیحرامەکەی.

***

## دووەم: شەو مانەوە لە مینا:

پاشان سوننەتە دەربچێت بەرەو مینا لە ڕۆژی هەشتەم؛ لەوێ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر هەروەها نوێژی مەغریب وعیشا پاشان نوێژی بەیانی ئەنجامدەدات، نوێژەکان کورت -قەسر- دەکاتەوە وکۆیان -جەمعیان- ناکاتەوە؛ چونکە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مینا نوێژەکانی کورت دەکردەوە وکۆیانی نەدەکردەوە.

## سێیەم: وەستان لە عەرەفە وشەو مانەوە لە موزدەلیفە:

لەکاتی خۆر دەرچونی  ڕۆژی نۆیەم کە ڕۆژی عەرەفەیە؛ لە میناوە بەڕێدەکەوێت بەرەو عەرەفە ولە نەمیرە دەمێنێتەوە هەتا کاتی زەوال - کاتی لادانی خۆر لە نیوەی ئاسمان- ئەگەر ئاسان وگونجاو بو بۆی، ئەگەر نا ئاساییە لە نەمیرە نەمێنێتەوە چونکە مانەوە لەم شوێنە سوننەتە وواجب نیە.

لەکاتێک خۆر لە نیوەی ئاسمان لایدا ولەکاتی نوێژی نیوەڕۆ نوێژی نیوەڕۆ وعەسر دەکات بە کۆکردنەوە وکورتکردنەوە، وپێغەمبەر -صلی اللہ علیە وسلم- بەم شێوەیەی کردووە.

لە دوای ئەنجامدانی نوێژەکانی خۆی یەکلایی دەکاتەوە بۆ زیکر ونزا وپاڕانەوە ودۆعاکردن وداواکردن لە اللہ -عز وجل- ، بەو شێوەیەی دەیەوێت دەتوانێت نزا بکات ودەستی بەرز دەکاتەوە وڕوی لە قیبلە دەکات.

زۆرترین نزا ودۆعای پێغەمبەر -صلی اللہ علیە وسلم- لە ڕاوەستانی مەزنی عەرەفە بریتی بوو لە: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير) واتە: (هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللہ، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره).

ئەگەر ماندوو بوو وبیەوێت هەندێك پشوو وەربگرێت دەتوانێت لە گەڵ هاوڕێكانی باسی وخواسی باش بكات یان شتێكی چاكە ئەگەر كتێبی بەسوود بخوێنێتەوە بە تایبەت ئەوكتێبانەی باسی بەخشندەیی الله ومەزنی فەزڵ وبەخششی دەكەن، بۆئەوەی لایەنی هیوا لە دڵیدا بەهێز بێت لەو ڕۆژەدا، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ پاڕانەوە ونزا كردن، وبە پەرۆش دەبێت لەسەر ئەوەی كۆتایی ڕۆژ بقۆزێتەوە وتایبەتی بكات بۆ نزا ودۆعا كردن، چونكە خێرترین نزا ودۆعا نزا ودۆعای ڕۆژی عەرەفەیە.

لە دوای خۆرئاوابونی ڕۆژی عەرەفە بەرەو موزدەلیفە بەڕێ دەكەوێت.

كاتێك دەگاتە موزدەلیفە سێ ڕكات نوێژی ئێوارە ودوو ڕكات نوێژی خەوتنان ئەنجامدەدات؛ واتە كۆیان دەكاتەوە.

وئەگەر بترسێ لەوەی لەدوای نیوەی شەو بەدواوە بگاتە موزدەلیفە؛ ئەوا نوێژەكان ئەنجام دەدات ئەگەرچیش نەگەیشتبێتە موزدەلیفە، ونابێت نوێژەكان دوا بخات بۆ دوای نیوەی شەو.

وشەو لە موزدەلیفە دەمێنێتەوە، ولەكاتی دەركەوتنی بەرەبەیانی ڕاستگۆ؛ بە زووی نوێژی بەیانی ئەنجام دەدات بە بانگ وقامەتەوە.

پاشان لەلای المشعر الحرام دەست دەكات بە وتنی لا إله إلا الله، والله أكبر كردن، ودۆعا دەكات بەو شێوەیەی دەیەوێت هەتاوەكو زەردایی خۆر دەردەكەوێت، ئەگەر نەیتوانی بڕواتە لای المشعر الحرام ئەوا لە شوێنی خۆی دۆعاكانی دەكات؛ چونكە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: (لێرەدا وەستام، موزدەلیفە هەمووی شوێنی وەستانە)، لە كاتی زیكر ونزادا ڕوو لە ئاراستەی قیبلە دەكات ودەستەكانی بەرز دەكاتەوە.

«وَقَفْتُ هَاهُنَا وَجَمْعٌ كُلُّهَا مَوْقِفٌ»،

«لێرەدا وەستام، وموزدەلیفە هەمووی شوێنی وەستانە»، ولە كاتی زیكر ونزادا ڕوو لە قیبلە دەكات ودەستەكانی بەرز دەكاتەوە.

## چوارەم: كارەكانی ڕۆژی جەژن:

لەكاتی دەركەوتنی زەردایی خۆر وپێش هەڵهاتنی موزدەلیفە جێدەهێڵێت و بەرەو مینا دەربچێت، ولە شیوی موحەسیر خێرا دەكات لە ڕۆشتنیدا.

كاتێك دەگاتە مینا بەردەكان دەهاوێژێتە (جەمرەی عەقەبە)؛ كە نزیكترینیانە لە مەككەوە، وحەوت بەرد دەهاوێژێت یەك لە دوای یەك، دەبێت هەر بەردێك بە هێندەی ناوكی

خورمایەك بێت، ولەگەڵ هەموو بەرد هەڵدانێکدا الله أكبر دەکات.

پاشان حەیوانی هەدیەکەی سەردەبڕێت ئەگەر ئاسان بوو.

پاشان پیاو قژی دەتاشێت یان کورتی دەکاتەوە، وتاشینی باشترە، بەڵام ئافرەت قژی کورت دەکاتەوە ونای تاشێت.

ئەگەر بەردەکانی هاویشت وقژی چاکرد ئەوا تەحەلولی یەکەم دێتە جێ، وهەموو شتێك بۆی ڕێگەپێدراوە جگە لە چێژ وەرگرتن لە هاوسەری بەهەرشێوازێک بێت.

پاشان دەڕوات بەرەو مەککە وتەوافی ئیفازە ئەنجام دەدات، دواتر سەفا ومەڕوەی حەج دەکات ئەگەر موتەمەتیع بیت، یان سەفا ومەڕوە دەکات ئەگەر موفرید یان قارین بێت لەکاتێکدا لە دوای تەوافی چونە نێوە مەککەوە سەفا ومەڕوەی نەکردبێت، ودەتوانێت تەوافی ئیفازە وسەفا ومەڕوە دوا بخات بۆ شەو یان بۆ ڕۆژی دووەم بەو شێوەیەی ئاسانە بۆی.

## *پێنجەم: کردەوەکانی ڕۆژانی تەشریق-ڕۆژی دووەم وسێیەم وچوارەمی جەژنی قوربان-*

لە ڕۆژی جەژندا ئەگەر بەردەکانی گرتە جەمرەی عەقەبە وسەری چاکرد وتەواف وسەفا ومەڕوەی کرد؛ ئەوا بە

تەواوی لە ئیحرامەکەی دەرچووە، وهەموو شتێك بۆی حەڵاڵە تەنانەت چێژ وەرگرتن لە هاوسەریش.

پاشان دەگەڕێتەوە بۆ مینا وشەوەکانی یانزە ودوانزە وسیانزەی مانگ لەویٚ دەمێنێتەوە ئەگەر دواکەوتن هەڵبژێرێت.

وبەردەکان دەگرێتە سیٚ جەمرەکە لەکاتێک خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لا دەدات وکاتی نوێژی نیوەڕۆ دێت.

لە ڕۆژی یانزەی مانگ بەردەکان دەگرێتە جەمرەی یەکەم - ئەمیش دوورترینیانە لە مەککە ونزیکترینیانە لە مزگەوتی خەیف-، حەوت بەرد دەهاوێژێت یەك لە دوای یەك، ولە گەڵ هەموو بەردێک الله أکبر دەکات، پاشان هەندێك دەڕواتە پێشەوە ودۆعایەکی زۆر دەکات بەو شێوەیەی پێی خۆشە، ئەگەر زۆر وەستان دۆعا کردن لەسەری قورس بوو؛ ئەوا دۆعا دەکات بەو شێوەیەی ئاسانە بۆی ئەگەرچیش دۆعاکەی کەم بێت هەتاکو سوننەتەکەی جێبەجیٚ بکات ولەدەستی نەدات.

پاشان بەردەکان دەهاوێژێتە جەمرەی ناوەڕاست ودەست بە دۆعا کردن دەکات.

هەروەها دواتر بەردەکان دەهاوێژێتە جەمرەی عەقەبە، بەڵام لێرەدا دەڕوات ودۆعا ناکات لە دوای هەڵدانی بەردەکان.

وپاشان لە ڕۆژی دوانزەی مانگدا بەهەمان شێوەی ڕۆژی پێشو بەردەکان دەگرێتە هەر سێ جەمرەکە، ودواجار ئەگەر ویستی پەلە بکات لە جێ هێشتنی مینا پێش خۆر ئاوا بون لە مینا دەردەچێت.

وئەگەر ویستی دەتوانێت خۆی دوا بخات وشەوی سیانزە لە مینا بمێنێتەوە پاشان بەردەکان دەهاوێژێتە سێ جەمرەکە هەر وەک ڕۆژانی پێشو، ومانەوە لە مینا لەشەوی سیانزەدا باشترە لە جێ جێ هێشتنی مینا لە ڕۆژی دوانزەدا.

خۆ دواخستن بۆ ڕۆژی سیانزە واجب نییە؛ مەگەر لە مینا دەرنەچوبێت تا خۆری ڕۆژی دوانزە ئاوا دەبێت، لەم حاڵەتەدا واجبە خۆی دوا بخات بۆئەوەی ڕۆژی سیانزە لە دوای لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان ڕەمی سێ جەمرەکە بکات.

خۆ ئەگەر لە ڕۆژی دوانزەدا خۆر ئاوا بێت لەکاتێکدا دەرنەچووە لە مینا بە بێ ویستی خۆی، بۆنمونە بەهۆی قەرەباڵغی وزیحامی سەیارەوە یان هەرشتێکی ترەوە نەیتوانیوە لە خاکی مینا دەربچێت؛ لەم حاڵەتەدا واجب نییە خۆی دوا بخات، چونکە دواکەوتنی هەتاوەکو خۆر ئاوا بوون بە ویستی خۆی نەبووە.

## شەشەم: تەوافی ماڵئاوایی:

ئەگەر بیەوێت مەككە بەجێبهێڵێت وبەرەو وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە؛ نابێت بڕوات هەتاوەكو تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام دەدات.

جگە لە ئافرەتی حەیزدار وزەیستانی نەبێت؛ ئەمانە تەوافی ماڵئاواییان لەسەر نییە، ونابێت لە لای دەرگای مزگەوتی حەرام بوەستن بۆ ماڵئاوایی كردن؛ چونكە شتی وا لە پێغەمبەرەوە نەهاتووە -صلى الله عليه وسلم-.

تەوافی ماڵئاوایی دەبێت كۆتا كردەوەی بێت كە ئەنجامی دەدات لە نێو ماڵە پیرۆزەكەدا ئەگەر بیەوێت مەككە بەجێبهێڵێت وسەفەر بكات.

ئەگەر لە پاش تەوافی ماڵئاوایی بمێنێتەوە بۆ چاوەڕێكردنی هاوڕێكانی یان هەڵگرتنی جانتاكانی یان كڕینی پێویستیەك لە ڕێگادا؛ ئەمە ئاساییە، وجارێكی تر تەوافەكە دووبارە ناكاتەوە مەگەر بیەوێت گەشتەی دوا بخات، وەكو ئەوەی بیەوێت گەشت بكات لە سەرەتای ڕۆژدا بۆیە تەوافی ماڵئاوایی ئەنجام دەدات؛ پاشان گەشتەكەی دوا دەخات بۆ كۆتایی ڕۆژ، لەم حاڵەتەدا دەبێت تەوافەكە دووبارە بكاتەوە بۆئەوەی كۆتا كردەوەی بێت كە ئەنجامی دەدات لە نێو ماڵە پیرۆزەكەدا.

***

# پێڕست


پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج ....... 2
ڕێخۆش کاری.............................................................. 2
یەکەم :مەرجەکانی قبوڵبوونی پەرستن ................................. 2
یەکەم :حوکمەکانی میقاتەکان............................................. 4
دووەم :جۆرەکانی نیەت هێنان بۆ حەج، وحوکمەکانیان............ 6
سێیەم :سیفەت وچۆنیەتی ئیحرام وحوکمەکانی......................... 7
چوارەم :قەدەغەکراوەکانی ئیحرام....................................... 10
پێنجەم :سیفەت وچۆنیەتی تەواف کردن................................. 12
.شەشەم :چۆنیەتی وسیفەتی سەفا ومەڕوە کردن .................... 15
سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی حەج....................................... 19
یەکەم :ئیحرام بۆ ئەنجامدانی حەج....................................... 19
دووەم :شەو مانەوە لە مینا ................................................ 21
سێیەم :وەستان لە عەرەفە وشەو مانەوە لە موزدەلیفە ............ 22
چوارەم :کارەکانی ڕۆژی جەژن............................................ 24
پێنجەم :کردەوەکانی ڕۆژانی تەشریق-ڕۆژی دووەم وسێیەم وچوارەمی -جەژنی قوربان............................................................ 25
شەشەم :تەوافی ماڵئاوایی ................................................ 28


ku410v3.0 - 06/09/2026